# دەستگیرکردن و زیندانی کردنی ڕێبوار عارف (بەهادین وەستا بەکر) سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لە لایەن ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە مەحکومە

پەنابەران، ڕابەری خۆشەویست و هەمیشە لەمەیداندابووی بەرگریکردن لە مافەکانتان لە لایەن ئاسایشی سلێمانی و حکومەتەکەی ئەوانەوە ڕۆژی 2005/5/5 و دووای ئەوەی کە ڕۆژی پێشوو لە خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆی سلێمانیدا بەشداریدەکات و ووتەیەك پێشکەش دەکات دەستگیرکراوە. هەروەك چۆن دەورانی پێشوو براو کەسوکارمان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەبران بۆ ئەوەی فشار لەسەر کەسانی سیاسی و ناڕازی دابنێن بۆ خۆ بەدەستەوە دان، ی.ن.ك. هەمان شێواز دەگرێتەبەر و (دیار) کە برای ئەوە دەستگیری دەکات بە بیٚ ئەوەی ئاگای لە هیچ شتێك بێت. لە کاتێکدا کە بەهۆی ناسراوی و ڕابردووی خەباتکارانەیەوە هێزەکانی ئاسایش پێیان شەرم دەبێت ڕۆژی یەکەم ڕێبوارعارف لە زیدان بهێلنەوەو دوواتر بە ئەمری سەرکردەکانیان ئەم کارانە دەستپێدەکەن.ڕێبوار عارف لە کاتێکدا بۆ خۆی دەڕوات بۆ ئاسایش تا کاتی ئەم ڕاگەیاندنە لە لایەن هێزە "دیموکراسی پارێزەرەکانی" ی.ن.ك ەوە لە ئاسایش زیندانی کراوە. لە ڕاستیدا ئەمە بۆ چەندەمین جار ڕاستی ئەوە ئەسەلمێنێت کە ی.ن.ك هەر دەنگێکی مخالف بەخۆی سەرکوت دەکات و تەحەمولی ناکات. ئەم کارو کردەوانەیان پووچی ئیدیعاکانی ئەوان لەمەڕ دیموکراسی و ئازادی و ماف مرۆڤ دەسەلمێنێت. ڕبێبوار عارف تەنها لەبەر ئەوە دەستگیر کراوە کە کاری بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی خەڵك کردوە کە دەسەڵاتداران سەرباری ئیدیعاکانیان بۆ ئازادی سەرکوتی دەکەن و وەك پیشەی هەمیشەییان بە چاوسوورکردنەوەو زیندانی کردن وترساندن دەیانەوێت بەر بە ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان بگرن.

ڕێبوار عارف ئەو کەسایەتیەیە کە لەدەرەوەی ووڵات دیفاعی سەرسەختی لە مافەکانی پەنابەران کردووەو گیانی سەدان پەنابەری لە هەڕەشەی مردن ڕزگارکردووەو هەمیشەش لە ڕێگەی فیدراسیۆن و لقەکانیەوە بەرگریکەری ئەصڵی مەیدانی بەدەستهێنانی مافەکانی پەنابەران بووە.

ئێمە وەك ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج بە توندی دژی ئەم کردەوەیەی ئاسایشی سلێمانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕادەوستین و ئەمە پێشێلکردنی ئاشکرای ئازادی هەلسووڕانی سیاسیە. داوا لە هەموو پەنابەرانی کورد لە دەرەوەی ووڵات و کەسایەتی و ڕێکخراوو لایەنەکان دەکەین کە بە دژی ئەم کردەوەیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێدەنگ نەبن و داوای دەستبەجیٚ ئازادکردنی ڕێبوار عارف بکەن و فشاریش لەسەر ی.ن.ك دابنێن کە ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی بە ڕەسمی بناسێت.

## ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج

2005/5/6